**پشت بەست بە حوکمەکانی هەردوو ماددەی (بیست و یەکەم)و ( چل و پێنجەم ) لە یاسای پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٠٨ و حوکمەکانی ماددەی (دەیەم) لە یاسای دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٠ بڕیارماندا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییەی خوارەوە:**

## ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٢

## ڕێنمایی تایبەت بە بەخێوکردنی ئاژەڵ و باڵندەی کێوی

### ماددەی (١):

مەبەست لەم دەستەواژانەی خوارەوە ئەو واتایانەی بەرامبەریانە بۆ مەبەستەکانی ئەم ڕێنماییە:

**یەکەم:** دەستە: دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان-عێراق .

**دووەم:** سەرۆك: سەرۆکی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان-عێراق .

**سێیەم:** لایەنی پەیوەندیدار: دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە .

### ماددەی (٢):

**یەکەم: پێناسەکان**

١- ئاژەڵ و باڵندەی کێوی: بریتین لەو ئاژەڵ و باڵندانەی کە ماڵی نەکراون، لە سروشتدا دەژین و بە بەشێك لە هاوسەنگی ژینگەیی دادەنرێن .

٢- پاراستنی گیانلەبەری کێوی: بریتییە لە پاراستنی هەرجۆرە ئاژەڵ و باڵندەیەکی کێوی لە لەناوچوون و قڕبوون جا بەهەر هۆکارێك بێت، وەك ڕاوی نایاسایی یان تێکدانی ژینگەکەی .

٣- پارێزراوی سروشتی: ئەو ناوچەیەیە کە هەموو چالاکییەکانی مرۆڤی تێدا قەدەغەن یانیش سنوردار کراوە، بە پێی جۆری پارێزراوە سروشتییەکەی بەمەبەستی پاراستنی تەواوی گیانلەبەرو رووەکی ناوچەکە لە لەناوچوون .

٤- ڕێکەوتننامەی سایتس: ڕێکەوتننامەیەکی نێودەوڵەتییە کە ئامانجی پاراستنی جۆری گیانلەبەرو ڕووەکە لە لەناوچوون .

**دووەم: ئامانجەکان**

١- پاراستنی ئاژەڵ و باڵندە کێوییەکان لە لە ناوچوون .

٢- پاراستنی رەگەزی ئاژەڵ و باڵندە کێوییەکان و بەخێوکردنیان لە شوێنی حەوانەوەی تایبەت و گونجاو .

٣- شێوازی رێگەدان بەو کەسانەی کە ئارەزووی بەخێوکردنی ئاژەڵی کێوی و باڵندەکانیان هەیە بەگوێرەی رێکەوتنامەی سایتس .

**بەشی دووەم**

**مەرجەکانی بەخێوکردن**

**ماددەی (٣):**

مەرجەکانی بەخێوکردنی ئاژەڵ و باڵندەی کێوی:

١- وەرگرتنی مۆڵەتی رەسمی لە لایەن فەرمانگەکانی سەر بەدەستە لە پارێزگاو ئیدارە سەربەخۆکان .

٢- ئەو شوێنەی کە گیانلەبەرەکە ( ئاژەڵ و باڵندەی کێوی) لێ کڕیوە ئەگەر لە ناوەوەی هەرێم بوو پێویستە مۆڵەتی رەسمی لە دەستە پێدرابێت . هەروەها ئەگەر ئاژەڵ و باڵندەی کێوی لە دەرەوە هاتبێت، ئەوا پێویستە مۆڵەتی فەرمی لایەنە پەیوەندیدارەکانی ئەو وڵاتەی وەرگرتبێت .

٣- دەبێت پسولەی کڕین و ژمارەی ئاژەڵ و باڵندەکان و جۆریان و ناوی زانستی و ناوی باوی ئاژەڵ و باڵندەکان لە پسولەکەدا هەبێت .

٤- دەبێت ژمارەو رێکەوتی مۆڵەتی ڕێگەپێدانی بەخێوکردنی ئاژەڵ و باڵندەی کێوی ئەو لایەنانەو دام و دەزگا میرییەی لەسەر بێت، کە رێپێدانی بۆ کردووە، هەروەها دەبێ لە پشتی پسولەکەدا لە لایەن شوێنی کڕین بنوسرێت و مۆرو واژۆ بکرێت .

٥- نابێت بەهیچ شێوەیەك ئاژەڵ و باڵندەی کێوی ناوەوەی هەرێمی کوردستان بێت .

٦- دەبێت ئەو ئاژەڵ و باڵندانە بێت کە لە رێککەوتننامەی سایتس ڕێگەی پێدراوە، ناشبێت ئەو ئاژەڵ و باڵندانە بێت کە بازرگانی کردن و بەخێوکردنیان قەدەغە کراوە .

٧- پێویستە لەلایەن کەسی پسپۆر لە بەرێوەبەرایەتی ڤێتێرنەری، چاودێری تەندروستی ئاژەڵەکان بکرێت و بەشێوەی نوسراو فەرمانگەکانی ژینگەی لێ ئاگادار بکرێتەوە، دەشتوانرێ سود لە پاشەرۆی ئاژەڵەکان وەربگیرێت وەکو پەین (سماد) .

٨- لەکاتی زیادبوون یان لەناو چوون پێویستە فەرمانگەی ژینگەی سنورەکەی لێ ئاگادار بکرێتەوە .

## بەشی سێیەم
## شوێنی بەخێوکردن

**ماددەی (٤):**

شوێنی بەخێوکردنی ئاژەڵ و باڵندەی کێوی:-

**یەکەم: لە ڕووی خۆشگوزەرانی**

أ. دەبێت پێش هێنانی یان بەدەستهێنانی مۆڵەت، شوێنی بەخێوکردنیان ئامادەکراوبێت .

ب. بۆ ئاژەڵی کێوی دەبێت شوێنی تایبەت بە بەخێوکردن هەبێت و سنورداربێت و تەلبەند کرابێت، هەروەها پێویستە بە لایەنی کەم (١)کم دوور بێت لە سنوری شارەوانی و (٥٠٠)م دووربێت لە شەقامی سەرەکی و سنوری گوندەکان، بە لٚام بۆ باڵندە کێوییەکان پێویستە بە پێی جۆرو قەبارەی باڵندەکە شوێنی بەخێوکردنی بۆ دابین بکرێت .

ج. هەبوونی جێگایەکی فراوان و کراوە بۆ ئاسانکردنی جولەو هەڵسوکەوتی ئاژەڵ و باڵندەکان .

د. چاندن و دابینکردنی سەرچاوەی پێویست بۆ لەوەڕاندن و دابینکردنی ئالیکی پێویست و دابینکردنی گۆشت بۆ ئاژەڵە گۆشت خۆرەکان کە بەشێوەیەك بێت پێچەوانەی یاساو ڕێنماییە بەرکارەکان نەبێت .

هـ. دانانی شوێنی تایبەت بۆ ئاوخواردنەوە بەشێوەیەك کە بە ئاسان پێی بگات و پاك و خاوێن بێت .

و. دابینکردنی شوێنی تایبەت بە باڵندەو ئاژەڵە ئاوسەکان و نەخۆشەکان کە تێکەڵی ئەوانی دیکە نەبن، وە پێویستە شوێنی بێچووی تازە لە دایکبووەکانیش دابین بکرێت .

ز. دابینکردنی کەرەستەی تایبەت بە هەوا گۆرکێ و گەرم کەرەوەو ساردکەرەوە لە وەرزە جیاوازەکاندا .

**دووەم: لە رووی تەندروستی**

أ. دەبێت سەرچاوەی هێنان و جۆرەکانیان دیاری بکرێت و بەڵگەی پێویست و دروستی تایبەت بە کڕین و هاوردەکردن لە ناوەوەو دەرەوەی هەرێمی هەبێت و نابێت هەڵگری هیچ جورە نەخۆشییەك بن .

ب. پێویستە ئاژەڵەکان کۆدی تایبەت بەخۆیان هەبێت، بەمەبەستی چاودێری کردن و بەدواداچوون، چونکە لایەنی ڤێتێرنەری پێویستی بەزانینی ژمارە کۆدی ئاژەڵەکان

دەبێت بۆ وەرگرتنی نمونەکانی خوێن و پاشەڕۆ بەمەبەستی پشکنین و تێستی تاقیگەیی .

ج. لەکاتی هەبوونی هەر نەخۆشییەك لە ڕێگەی کەسی سەرپەرشتیارەوە بەڕێوەبەرایەتی ڤێتێرنەری ناوچەکە ئاگاداربکرێتەوە بە مەبەستی ئەنجامدانی ڕێکاری تایبەت، چونکە ئاژەڵ و باڵندە کێوییەکان تووشی چەندەها نەخۆشی دەبن وەك FMD,BRUOELLOSI S,PPR .

د. سەرپەرشتی کردن و چاودێری کردنی ئاژەڵ و باڵندەکان لە لایەن کەسی پسپۆری ڤێتێرنەری بەمەبەستی چارەسەرکردنی ئاژەڵ و باڵندە نەخۆشەکان و زانینی کاتی زاوزێ و کوتان و دەرمان کردنیان .

هـ. نابێت بەبێ پرسی پسپۆری ڤێتێرنەری و دەستە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە بگوازرێنەوە .

و. دەبێت لەکاتی لەناوچوونی هەر ئاژەڵ و باڵندەیەك دەستە ئاگادار بکرێتەوە تاکو لایەنی پەیوەندیدار ئاگادار بکاتەوە بۆ ئەوەی توێکاری بۆ بکرێت، بەمەبەستی زانینی هۆکارەکەی و ڕێگری کردن لە تەشەنەو بڵاوبوونەوەی هەر نەخۆشییەك .

**ماددەی (٥):**

لەکاتی هەبوونی سەرپێچی لە هەر کام لەو مەرجانەی کە ئاماژەی پێکرا سزای سەرپێچیکار دەدرێت، بە پێی ئەو سزایەی کە لە لایەن دەستە دیاری دەکرێت و مۆڵەتی بەخێوکردن لە کەسەکە وەردەگیرێتەوە .

## بەشی چوارەم

## پێداویستییەکان

**ماددەی (٦):**

ئەو کەسەی داوای مۆڵەت دەکات پێویستە ئەم پێداویستیانە بهێنێت:-

**١- بۆ هاونیشتمانی:**

أ. ناسنامەی باری شارستانی و ڕەگەزنامەی عێراقی یان کارتی نیشتمانی .

ب. کارتی زانیاری یان پشتگیری شوێنی نیشتەجێبوون .

ج. دەبێ دانیشتووی هەرێمی کوردستان بێت .

د. دەبێ پشتگیری لایەنی تایبەتمەندی وەرگرتبێت .

هـ. داواکاری پێشکەش بە فەرمانگەی ژینگە دەکات لە پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان .
و. دەبێ پسولەی کڕینی لابێت .
ی. پێدانی بەڵێننامە بە مەبەستی پابەندبوون بە تەواوی یاساو ڕێنماییەکان لە ئێستاو ئاییندەدا .

**٢- بۆ بیانی:**

أ. پاسپۆرت و سەلماندنی کەسایەتی (إثبات الشخصية) لە هەرێمی کوردستان .
ب. کارتی زانیاری یان پشتگیری شوێنی نیشتەجێبوون .
ج. دەبێ دانیشتووی هەرێمی کوردستان بێت .
د. دەبێ پشتگیری لایەنی تایبەتمەندی وەرگرتبێت .
هـ. داواکاری پێشکەش بە فەرمانگەی ژینگە دەکات لە پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان .
و. دەبێ پسولەی کڕینی لابێت .
ی. پێدانی بەڵێننامە بە مەبەستی پابەندبوون بە تەواوی یاساو ڕێنماییەکان لە ئێستاو ئاییندەدا .

**ماددەی (٧):**

١- مۆڵەتەکە ساڵانە نوێ دەکرێتەوە .
٢- هۆبەی سروشتی لە فەرمانگەکانی ژینگە لە پارێزگاو ئیدارە سەربەخۆکان ئەرکی پێدانی ئەم مۆڵەتە جێبەجێ دەکەن .
٣- کەسی بەخێوکار دەتوانێت بێچوی گیانلەبەران بفرۆشێت بەمەرجێك هەمان بڕگەکانی ماددەی شەشەم جێبەجێ بکات و کلێشەی پێدانی مۆلەتی پێبدرێت .

**ماددەی (٨):**

کەسی بەخێوکار لەکاتی هێنانی ئاژەڵ و باڵندەی کێوی لە دەرەوەی وڵات دەبێت ئەم زانیارییانە پێشکەشی فەرمانگەی ژینگە بکات:
أ. بەڵگە نامەو بڕوانامەی سایتس بۆ تەواوی ئاژەڵ و باڵندە کێوییەکان .
ب. ڕەزامەندی ژینگەیی بۆ ئەم بابەتە لە دەستە دوای وردبینی بڕوانامەی سایتس .
ج. ڕەزامەندی و ڕێگەپێدانی فرۆکەخانەکان .

د. ڕەزامەندی و ڕێگەپێدانی وەزارەتی ناوخۆ .
هـ. ناوی ئەو کۆمپانیاو وڵاتەی کە ئاژەڵ یان باڵندەکەی لێ هاوردە دەکات، لەگەڵ ڕێگەپێدانی وڵاتەکە .

**ماددەی (٩):**
لە ڕێگەی پۆلیسی دارستان و ژینگە دەست بەسەر ئەو باڵندەو ئاژەڵانەدا دەگیرێت کە بە پێی ئەو مەرجانە نین کە لەم ڕێنماییەدا هاتووە، بە پێی ڕێککەوتنامەی سایتس بە ڕێککەوتنی نێوان دەستەی ژینگەو وەزارەتی ژینگەی عێراق و باخچەی ئاژەڵان، شوێنێکی تایبەتیان بۆ دابین دەکرێت .

**ماددەی (١٠):**
ئەوکرێ و رسوماتەی کە لە چوار چێوەی ئەم ڕێنماییە وەردەگیرێت، وەك داهات هەژمار دەکرێت .

**ماددەی (١١):**
تەواوی ئەو کەرەستانەی لە کاتی سەرپێچیدا دەستی بەسەردا دەگیرێت، لە ئەنجامی پابەند نەبوونی سەرپێچیکار بەم ڕێنمایە دەبێتە موڵکی دەستە .

**ماددەی (١٢):**
١- بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی دارستان و ژینگەی ناوچەکە ئەرکی چاودێری کردن بۆ پابەندبوونی بەخێوکاران بەم ڕێنماییە دەگرنە ئەستۆ .
٢- لە کاتی هەبوونی مۆڵەت و ڕەزامەندی ژینگەیی و پشکنینی دروستی بەڵگەنامەکان، پێویستە لە لایەن بازگەکان ڕێگری لە هێنان و بردنی گیانلەبەرەکان نەکرێت .
٣- بەرێوەبەرایەتی ڤێتێرنەری ئەرکی ئاگاداربوون لە ڕەوشی تەندروستی ئاژەڵ و باڵندە کێوییەکان دەگرێتە ئەستۆ .

**ماددەی (١٣):**
دەکرێت سکاڵای یاسایی لەسەر سەرپێچیکارانی ئەم ڕێنماییانە بۆ لایەنی قەزایی تایبەت پێشکەش بکرێت .

**ماددەی (١٤):**

فەرمانگەکانی ژینگە مامەڵە لەگەڵ ئەو شوێنانەدا دەکەن کە ڕێگە پێدراون بۆ فرۆشتن و مامەڵەکردنی گیانلەبەری کێوی، ئاراستەی فەرمانگەکانی ژینگە دەکات بە مەبەستی دروستی شوێنی کڕین و پسولەی کڕین و مەرجەکانی تر .

**ماددەی (١٥):**

سەرۆکی دەستەو لایەنی پەیوەندیدار ڕەسمی رسوماتی پێدانی مۆڵەت و نویێ کردنەوەی مۆڵەت و سزای سەرپێچی دادەنێن .

**ماددەی (١٦):**

بەپێی یاساو ڕێنماییە بەرکارەکان رێکاری یاسایی بەرامبەر سەرپێچیکاران دەگیرێتەبەر .

**ماددەی (١٧):**

ئەم ڕێنماییە دوای(٦٠) ڕۆژ بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان ) کاری پێدەکرێت .

**ئەندازیار**

**عبدالرحمن صدیق**

**سەرۆکی دەستە**